# تاچەند دایکان و باوکان ئاگاداری مەترسییەکانی بەکارهێنانی مۆبایلن لەلایەن منداڵەکانیانەوە؟

***

**مۆبایل یەکێکە لەو ئامێرە پێویستانەی کەرۆژانە لەلایەن خەڵکەوە بەکار دەهێنرێت، بەڵام لە ئێستادا مۆبایل زیانەکەی زیاتر بووە. دایکان و باوکان بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن منداڵەکانیانەوە بە شتێکی هەڵە دەزانن، لەهەمان کاتیشدا نەیانتوانیوە ڕێ لە منداڵەکانیان بگرن، لەم ریپۆرتاژەدا هەندێ لایەنی نەرێنی ئەو حاڵەتە دەخەینە ڕوو.**

***

### گاڵتەمان بە کچێکی دراوسێمان دەکرد

سەفا ڕەفیق کوڕێکی تەمەنی ١١ساڵەو پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە و دەڵێت «زۆر حەزم لەمۆبایل بوو، چونکە هەموو هاوڕێکانم هەیان بوو، بەزۆر بەباوکمم کڕی. ئێستا لەماڵەوە بەردەوام چاودێری نێو مۆبایلەکەم دەکەن. بەردەوام پێم دەڵێن جارێ تۆ منداڵی. ئەومنداڵە ئەوەش دەخاتە ڕوو «هاوڕێیەکم ژمارەی مۆبایلی کچێکی دراوسێکەیانی لەناو مۆبایلی خوشکی دەرهێنابوو، ئەو ژمارەیە لای هەموومان هەبوو بە کەیفی خۆمان تەلەفۆنمان بۆ دەکرد و دەمانگوت حەزت لێ دەکەین، زۆربەی هاوڕێیەکانم وێنەی ژنان بە رووتی لەناو مۆبایلەکانیان هەیە، بەڵام من ناوێرم وەریگرم، چونکە باوکم سەیری ناو مۆبایلەکەم دەکات».

### منداڵەکەم ناچاری کردین مۆبایلی بۆ بکڕین

گوڵستان ئەسعەد دایکی محەمەدی نۆ ساڵانە، بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن منداڵانەوە بەکارێکی نابەجێ دەزانێت، چونکە وەك خۆی دەڵێت «لەهیچ شوێنێکی ئەو دنیایە نەبووە کە منداڵی (١٠-١١)ساڵی مۆبایلی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵام منداڵەکەم ناچاری کردم و نەمتوانی بۆی نەکڕم، چونکە منداڵەکەی منیش چاوی لە منداڵەکانی وەك خۆی دەکرد، ئەو ئافرەتە پێیوایە سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئێمە دەزانین زەرەر و زیانێکی زۆر بە منداڵ دەگات، چونکە ئەو منداڵە لە ئێستادا هەڵسوکەوتی تەواو گۆڕاوە و زیاتر وەکو پیاوێك هەڵسوکەوت دەکات. ئەوەش کاریگەری زۆر خراپ لەسەر دەروونی منداڵان دروست دەکات، ڕەنگە لە داهاتوودا تووشی جۆرەها کێشە بێت.

ڕەشید محەمەد بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن کوڕەکەی بەشتێکی زۆر ناشرین دەزانێت و دەڵێت «زۆر بەلامەوە ناخۆشە کاتێك کە سەیری منداڵەکەم دەکەم مۆبایلی لەدەستە و یاری پێدەکات. ڕۆژانە زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی بە بەکارهێنانی مۆبایل بەڕێ دەکات، یاخود زۆر جار بووە لەگەڵ هاوڕێکانی کردویەتیە شەڕ لەسەر مۆبایل یاخود لەلای مێوانەکانمان گۆرانی لێدەدات و نایەڵێ کەس لەکەس بگات، یاخود بە هیتفۆن گۆرانی لێدەدات کە هەموومان دەزانین کاریگەرییێکی زۆر خراپ لەسەر مێشك دروست دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو کاریگەرییە خراپانەش زیان بە منداڵەکەمان دەگەیەنێت و کاریگەرییێکی زۆر خراپ لەسەر کەسایەتی منداڵەکەمان دروست دەکات لە داهاتوودا».

### مۆبایلی منداڵێك. ٣٥٠ گرتەی سێکسی تێدابوو

توێژەری کۆمەڵایەتی هیوا ڕەئوف سەبارەت بەم باسە دەڵێت: بەکارهێنانی ئامێری مۆبایل لەلایەن منداڵانەوە زیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە بۆ نموونە» هەندێك لەو منداڵانە لە ڕێگەی بلوتووسی مۆبایلەکانیانەوە هەندێك وێنەو گرتەی نەشیاو بەدەست دەهێنن کە دەبێتە هۆی لادانی کۆمەڵایەتی، بۆمان دەرکەوت کە مۆبایلی منداڵێکی خوار تەمەن ١٣ ساڵان سێسەدو پەنجا گرتەی سێکسی تێدابوو، دایك و باوکی ئەم منداڵە بەم کارەی منداڵەکەیان نەزانی بوو، بەڵام دوای تووش هاتنی منداڵەکەیان بە ڕووداوێك و دواتر بۆ گەیشتن بە سەرەداوی ڕووداوەکە، پۆلیس پشکنینی مۆبایلەکەی کرد ئەم هەموو گرتە سێکسیە لەنێو مۆبایلی منداڵەکەدا بوو، بۆیە ڕووی پرسیارمان ئەکەینە دایکان و باوکان ئەوانەی مۆبایلیان بۆ منداڵەکانیان کڕیوە و دەپرسین «ئایا ئاگادارن منداڵەکانیان چۆن مۆبایلەکانیان بەکار دەهێنن و چی لەناو مۆبایلەکانیاندایە، ئاخر بۆیە ئەم پرسیارە دەکەم، چونکە ئەو دایك و باوکەی کەلەسەرەوە باسم کردن تووشی شۆك بوون کاتێك زانییان ئەو هەموو گرتە سێکسیە لەناو مۆبایلی منداڵەکەیانە، هەرگیز پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد کە ئەوە لە هەڵسوکەوتی منداڵەکیان بوەشێتەوە» ئەو توێژەرە دەڵێت «پێویستە باوکان و دایکان بەردەوام چاودێریەکی باشی منداڵەکانیان بکەن بەشێوەیەك بێت کە منداڵەکان تووشی بێزاری نەکات و هەروەها نەشبێتە هۆی لادانی کۆمەڵایەتی».

### تووشی ئاڵۆزی دەروونی دەبێت

پسپۆری دەروونی د.سیروان عەبدوڵا جیاوك دەڵێت «دایك و باوکان مۆبایل بۆ منداڵەکانیان دەکڕن بێ گوێدانە ئەوەی کە ئەم منداڵانە چۆن ئەم مۆبایلە بەکار دەهێنن، چونکە ئەو منداڵە تووشی گرفتی دەروونی دەکات و هەر لە منداڵیەوە وای لێدێت خۆی بە کۆمەڵێك بابەت خەریك بکات. کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی دەروونی و کاردانەوەی لەسەر هەڵسوکەوتی ئەو منداڵە. بۆیە پێویستە دایك و باوکان کە مۆبایل بۆ منداڵە بچووکەکانیان دەکڕن هەوڵدەن مۆبایلێکی سادەیان بۆ بکڕن بۆ ئەوەی تەنیا لە کاتی پێویست بەکاری بێنن. هەروەها ئەرکی دایك و باوکیشە کە لە دەرەوەی قوتابخانەو نێوماڵدا چاودێری منداڵەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی دووربن لەهەموو ئەو زەرەر و زیانە تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و تەنانەت ئابووریانەش کە دەرئەنجامەکەی بەکارهێنانی مۆبایلە، جیا لەمانەش بەکارهێنانی مۆبایل کاریگەری نێگەتیفی هەیە لەسەر گەشەو تەرکیزی منداڵان و بەپێی توێژینەوەکانیش، زۆرجار بەکارهێنانی بەردەوامی مۆبایل لەلایەن منداڵانەوە دەبێتە هۆی تێکشکاندنی خانەکانی مێشك و تووش بوون بە شێرپەنجەی مێشك.





# مەسیجێک ژنێک دەخاتە لێواری مەرگەوە

ئا/ ئەمەل محەمەد جەلال

بەیانی کە لەخەو هەستام (م)ی هاوسەرم جیاواز لە سروشـــتی بەیانیەکانی تر نانی لەگەڵدا خـــواردم رێك لە رەشـــەبایەکی سلێمانی دەچوو بەدەم هەورەکانی پایزەوە، کە رۆیشـــت بۆ دەوامی فەرمانگەکەی وتی مۆبایلەکەت بکوژێنەوە تاکو پێتنەڵێم هەڵینەکەیتەوە، وتم بۆ؟ وەڵامی نەدامەوەو رۆشـــت، منیش کە سەیری مۆبایلەکەمم کرد شـــتێکم نەبینی ســـەرنجم رابکشێت هەربۆیـــە جگە لەوەی کـــە نیگەرانبووم، بەڵام گومانم بۆ هیچ شتێك نەدەبرد. ئەمە وتەی (س.ح.ع)ی ژنە هاوسەری (م)ە کە تەمەنی سکەکەشـــی شەش مانگە، ئەمە گێرانـــەوەی وتەکانی «س» بۆیەکێك لە رێکخراوەکانـــی ژنـــان دژی توندوتیژی لەشاری ســـلێمانی تۆمار کرابوو، دوای ئەوەی لەرێگەی رێکخراوەکەوە پێوەندیمان بە «س»وە کرد، وتی ئەگەر هاوسەرەکەم رازیبێـــت، ئەوا قســـەتان بۆدەکـــەم بەو مەرجەی ناومان بڵاو نەکەنەوەو بەمشێوەیە رووداوەکەی بۆ تەواوکردین.

کاتێك لەدەوام گەڕایەوە لەجیاتی ئەوەی وەکو جاران بڵێ «ســـڵاو ئەزیزم» تەنیا وتی «سڵاو»و پاش ماوەیەك چوو خەوت، بەڵام ئاگاداربووم کە خەوی لێنەدەکەوت، پاش ئەوەی کە لەجێگەکە هەســـتا وتی وەرە ئیشم پێتە کەچووم بۆلای دەستی بە قســـە کرد بەو شـــێوەیەی کە ئێمە چەندە خۆشەویستی یەکتربووین و هەموو شتێکم بۆکردوویت و هەموو ژیانم بەتۆ بەخشیوە، بەڵام تـــۆ خەریکە خیانەتـــم لێدەکەیت!، زۆرم بەلاوە سەیربوو بە سەرسوڕمانێکەوە وتم خیانـــەت!!، بۆچی کـــەس بتوانێت خیانـــەت لە کەســـێکی باشـــی وەکو تۆ بکات؟ قسەکانی پێبڕیم و دەستی کرد بە قسەی ناخۆش بەشێوەیەك کە ئامادەنەبوو لەگەڵم دابنیشـــێت و بـــۆم روونبکاتەوە کە مەبەســـتی چییە لەوەی کە خیانەتم لێکردووە، دوای ئەمە لەماڵ چۆوە دەرەوەو وتی ئەمەوێ ئەمشـــەو ئـــەم ماڵە تەنیا خۆمـــی تیابم ئەگەرنا ئەتکوژم، بەگریان و بەدەم فرمێســـکێکی زۆرەوە داوامڵیکرد گوێملێبگرێـــت، بـــەڵام ئامادەنەبوو، کە بەجێیهێشتم تەلەفۆنم بۆ خوشکەکەم کردو وتم ئەمشـــەو دێم بۆ ماڵتان چونکە (م) ئەمشەو لەماڵەوە نابێت.

(س) لە وتەکانـــی بەردەوامبوو و وتی بۆ رۆژی دوایی خۆم پێنەگیراو لەرێگەی خوشکەکەمەوە بە زاواکەمانم وتوو ئەویش راســـتەوخۆ تەلەفۆنـــی بـــۆ (م)کرد و بەڵێنیانـــدا دوای دەوام یەکتـــر ببینن، کە یەکتریان بینیبوو (م) باســـی حاڵەتەکەی بـــۆدەکات و دەڵێت (س) دەیەوێت خیانەت لە من بکات! و بەمشـــێوەیە رووداوەکەی بۆگێڕابـــۆوە کە»شـــەو (س) خەریکی مۆبایلەکەی بوو نزیکـــەی کاتژمێر ١١ نامەیەکی بۆهات و وەڵامی دابۆوە بەیانی کە هەستام بە نهێنی سەیری مۆبایلەکەیم کرد ئـــەم نامەیەی تیابوو «هەرگیز ناڵێم کـــە دووریت لێم، وەفاداریـــت ژیانە بۆم، خۆشەویســـتیت چرایە بۆ رێـــم» و ئەو ژمارەیـــی ئەم نامەیەی ناردووە لای خۆم نووسیم و بەیانی لەدەوامەوە تەلەفۆنم کرد راستەوخۆ کوڕێك وەڵامی دامەوە و منیش کە زانیم کوڕە دامخستەوە و هیچم نەوت لەبەرئـــەوەی گومانەکەم بوو بەڕاســـتی، کەواتە (س) دەیەوێت خیانەت لەمن بکات و نامەوێـــت بێتەوە ماڵەکـــەم هەربۆیەش ئەمشەو هاتووە بۆماڵی ئێوە.

دوای ئـــەوەی کەمێـــك گومـــان بۆ ئاوەڵزاوەکەشـــی درووستدەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو مەسەلەکە بۆ (س) باسدەکات و ئەویـــش نکوڵی لـــەوەدەکات و کاتێك مۆبایلەکـــە دەکەنەوە بۆ نامەکە دەگەڕێن و دەیدۆزنـــەوە ئەبینن بـــەرواری نامەکە هی ســـاڵی ٢٠٠٩یە کە لەلایەن کچێکی هاوڕێیـــەوە بۆی هاتووە و (س) فایلێکی تایبەتی کردۆتـــەوە بە ناوی»inbox« بۆ ســـەیڤکردنی ئەو نامانەی کە جوانن و وەکو یـــادگاری هەڵیگرتوون، بۆیە تێل بۆ (م) دەکـــەن و ئەچنەوە بۆ ماڵی (م) و هەرلـــەوێ کۆتایی بەو گومانە دەهێنن کە (م) بەهۆی هەڵە تێگەشـــتنەوە بۆی دروســـتبووبوو، لەدواجـــاردا «م» داوای لێبـــووردن دەکات و بەو هۆیەوە هەموویان دەعوەتی «م» دەبن بۆ نانخواردنی ئێوارە لە «کەبابخانەی وەلی».

# ئافرەتێکی دوو گیان لە ماڵی خۆی دەدرێتە بەر گوللە

ئافرەتێکی دوو گیان لە ماڵەوەی خۆیان لەسەر جێگاکەی خۆی خەوت بوو، لەناکاو لە پەنجەرەی ماڵەکەیانەوە شەش گوللەی لێدراوە لەو کاتەدا هاوسەرەکەشی لە ماڵ نەبووە، کە ئامۆزای خۆیەتی:

لەم بارەیەوە نەقیب کاروان بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر پێی ڕاگەیاندین» ئەم ڕووداوە لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠١١/٩/٩ ڕوویداوەو دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا خەسووی ئافرەتەکە وتی: کاتێك تەقە کراوە من بەهۆی دەنگی تەقەکانەوە لەخەو هەستام و ڕامکرد، بینیم تەقەکەرەکان دووکەس بوون، بەڵام بە باشی نەیانم بینی و ڕایانکردە دەرەوەو نەمتوانی بیانناسمەوە، نەقیب کارون زیاتر لەسەر ئەم بابەتە وتی ئێمە لە لێکۆڵینەوە بەردەوامین تاوەکو راستی ڕووداوەکانمان بۆ دەردەکەوێت و تاوانباران دەستگیر دەکرێن.



# بوکێک سکاڵا دژی خەسووەکەی تۆماردەکات



ئافرەتێکی تەمەن ٣١ ساڵ سکاڵا لەدژی خەسووەکەی تۆمار دەکات و بە ئازاردان و مامەڵەو هەڵسوکەوتی خراپ و توند تاوانباری دەکات.

لەم بارەیەوە نەقیب کاروان بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند: کەوا لە رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠١١/٩/٦ ئافرەتێك بە ناوی (ن،خ) سکاڵای دژی خەسوەکەی تۆمار کردووە و بەوە تاوانباری دەکات گوایە دوای مردنی مێردەکەی، خەسووەکەی لە ماڵەوە ئازاری داوەو دەریکردووە. نەقیب کاروان ئەوەشی ڕاگەیاند: کەوا دادوەر بڕیاریداوە بە داخستی پەڕاوەکە بەشێوەیەکی کۆتایی پاڵپشت بە ماددەی ١٣٠/اصول لە بەڕێوەبردنی توخمی سزای کێشەکە.

# لە گەڕەکی بەهار کچێکی تەمەن ٩ ساڵان خۆی خنکاند!!



ڕۆژی ٢٠١١/٩/١٣ کچێکی تەمەن ٩ ساڵ لە گەڕەکی بەهار بە ناوی یوسرا دڵشاد خۆی خنکاند.

لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر وتی: دوای ئەوەی ئاگادار کراینەوە بە بوونی ڕووداوێکی خۆکوشتن لەگەڕەکی بەهاری شاری هەولێر و کاتێك گەیشتینە شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوت کچێکی تەمەن ٩ ساڵان لەژوورێکی سەرەوەی ماڵەکەی خۆیاندا کە مەخزن بووە، بەسەر چەند فەردە برنجێك کەوتووە خۆی بە گوریسێك هەڵواسیوەو لەئەنجامدا گیانی لە دەستداوە، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیس ئەوەشی ڕاگەیاندن: تا ئێستا لێکۆڵینەوە بۆ گەیشتن بەهۆکاری سەرەکی ڕووداوەکە بەردەوامە...

# کەسێک زامدار دەکات و ئۆتۆمبیلەکەشی وەردەگێڕدرێت



ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١١/٨/٢١ کەسێك بە ناوی (ێ، ص) سکاڵا تۆمار دەکات دژی شوفێری ئۆتۆمبێلێکی جۆری بی ئیم، ئەو شوفێرە .بەناوی (س،م)و بە زامدار کردنی کەسێك تاوانباری دەکات

لە سکاڵای (ێ، ص)دا هاتووە کە تاوانبار لەسەر ڕێگای سەرەکی هەولێر- کۆیە کەسێکی زامدار کردوە ئۆتۆمبیلەکەشی وەرگێڕاوەو لە ئەنجامدا لەبەر برینەکانی گەیاندراوتە نەخۆشخانەی ڕزگاری، دوای گەڕان لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ٢٠١١ /٩/٤ لەسەر سکاڵای کەسوکاری زامدارەکە تاوانبار دەسگیر دەکرێت،بەڵام دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەکێشەکە دادوەر بڕیاری بەئازاردانی شوفێری .ئۆتۆمبیلەکە بە دەستەبەری ٩٠٠ هەزار دینار دەردەکات

# چۆن ژن ومێرد تاکۆتایی ژیانیان خۆشەویستی بۆیەکتر دەردەبڕن؟

* * *

**«دوای ئـــەوەی بە دووانەیەك ســـێ گیان دەبێت و دوومندالّی لێ دەبێت، ڕۆژ بەڕۆژ خۆشەویســـتی لـــە نێوانیان وەکو ســـەرەتای دەســـت پێکی ژیانی هاوســـەرگیری نامێنێت و تا دەگاتە ئەو ئاســـتەی داوای تەلاّقدانی لێ کردووە» خێزان لەسەر بنەمای خۆشەویستیەکی بەهێز دروست دەبێت لە نێوان ژن و پیاو بەلاّم ئەگەر بێت و ئەو خوشەویســـتیە لەگەلّ گەورە بوونـــی تەمەن بەهێزتر نەبێـــت، ئەوە خێزان دەکەوێتە مەترسییەوە.**

* * *

**هاوسەرەکەم لەهەست و سۆزی دلّم دەگات**

حەسەن ڕەشۆ پیاوێکی کاسبەو خاوەنی شەش مندالّەو لەتەمەنی ٢٥ ســـالّییەوە ژیانی هاوسەرگیری پێك هێناوە، ئەو پیاوە لەناو هاوڕێیەکانی بە پیاوێکی دلّ تەڕو قســـەخۆش ناسراوە و دەلّێت» ژنم بەدلّی خۆم نەهێنا، بەلاّم دوای ئەوەی گواســـتمەوە ڕۆژبەڕۆژ زۆر خۆشەویســـت دەبوو، چونکە بەردەوام لەهەست و دلّم دەگات هەموو هەلّسوکەوتەکانی بەدلّی منە، ئەوە بۆ ٢٧ ســـالّ دەچێت ئێمە پێکەوین و شـــەش مندالّیشمان دروســـت کردوە. بەلاّم تاوەکو ئێستاش ژنەکەم وەکو بووکێکی تـــازە خۆی بۆم دەڕازێنتەوە بەتایبەت شەوانە هەرگیز بەو جلەوە نایەتە ناو جێگا کە بەڕۆژ لەبەری دەکات، چونکە پێیوایە ئەو جلانە بۆنی ناخۆشـــی خۆراك و چێشـــتخانە و کارکردنی لێدێت، پێویســـتە بۆ من خۆی بـــە پاکی و جوانی ڕابگرێت»

ئەو پیاوە خۆی بە خۆشبەخترین پیاوی جیهان دەزانی چونکە ژنێکی هەیە لەوهەموو سالّەدا بیری نایەت کە دلّی شکاندبێت و بەردەوام مامەلّەی لەگەلّی نەرم بووە، هەروەها کاك حەسەن لەبارەی خۆیەوە دەلّێت» ژنەکەم چەندە هەســـت و دلّی منی بەلاوە گرینگە منیـــش دوو ئەوندە بەقەد ئەو خۆشـــی ئەوم بەلاوە گرینکە و نازێکی زۆری پێ دەدەم و مندالّەکانیشم فێر کردوە کە نازی دایکیان هەلّبگرن «

کاك محمد بـــە پێکەنینەوە دەلّێت» دایکی مندالاّن دەزانـــێ نـــازی هەلّدەگیرێـــت بۆیـــە زۆر بەنازە بەسەرمانەوە بەلاّم بەخوا بەو نازە جوانتر بووە، لەگەلّ ئەوەشدا بەوتەمەنەوە ناوە ناوە دەشعرێنم بۆی»

**هاوسەرەکەم تائێستا نازانێت چۆن خۆشەویستی خۆی دەربڕێت**

نەرمین محەمـــەد ئافرەتێکی تەمەن ٣٨ ســـالّە، ١٨ ســـالّە هاوســـەرگیری کردوە، خاوەن ٤ مندالّە، فەرمانبەرەو هاوسەرەکەشی مامۆستایە، ئەو ئافرەتە باس لەوە دەکات بە هۆی ئەوەی مێردەکەی بەردەوام ڕۆژانە بە ڕووگرژی دەگەڕێتەوە مالّ و دەیکات بە هات و هاوار بەســـەر خۆی و مندالّەکانیدا، نەرمین دەلّێت» مێردەکەم زۆر منی خۆشدەوێ بەلاّم هەرگیز نەیزانیوە چۆن ئەو خۆشەویستیەی خۆی دەربڕێت و بـــەردەوام ڕۆژانە توڕەیەو شـــەڕیەتی منیش کە دەبینم ئەو هەلّسوکەوتی بەم شێوەیەیە ئیتر من هیچ توانایەکم لەدەست نییە. تەنیا ئەوە نەبێت ڕۆژانە خۆم بە خزمەت کردنی مندالّ و مالّ پاکردنەوەوە خەریك بکەم، بەلاّم لەوەدا هەست دەکەم مێردەکەم منی زۆر خۆشدەوێ چونکە هەرگیز خیانەتی لێنەکردوم، زۆر خۆی لە ئافرەت بەدوور دەگرێت»

ئـــەو ئافرەتە ئامـــاژە بـــەوە دەکات بەهۆی ئەوەی پیاوەکەی هەرگیـــز نەیتوانیوە دلّی خۆش بکات،کە ســـەرەتا شـــووی پێکردوە ماوەیـــەك زۆرباش بووە لەگەلّی، بەلاّم دوای ئەوەی ســـگی بە دووانەیەك پڕدەبێت و مندالّی دەبێت رۆژ بەرۆژ خۆشەویســـتی لـــە نێوانیان وەکو ســـەرەتا نامێنێت و تا دەگاتە ئەو ئاستەی داوای تەلاّقدانی کردوە بەلاّم مالّی باوکی وتیانە، «بگەڕێیتەوە مالّی خۆت، دەتەوێ حەیامان ببەی»

**بوونی خۆشەویستی لەنێوان خێزان دەبێتە هۆی پتەو بوونی بناغەکە**

رۆژانە گوێ بیستی چەندین کێشەی کۆمەلاّیەتی دەبین وەکو کوشـــتن و سووتان وتاد بەهۆی خیانەت کردن و نەمانی خۆشەویستی لەو بارەیەوە توێژەری کۆمەلاّیەتی دیاری محمد دەلّێت» سەرەتای ژیانی هاوسەرگیری پێویســـتە لەسەر بنەمای تێگەیشتن و گونجانـــدن بێت، چونکـــە پێکهێنانـــی ژیانی هاوسەرگیری لەسەر جوانی بێت یاخود دەولّەمەندی و هەرچییەکی تر تەنیا ئەو خۆشیانە ئەگەر زۆری بەکێـــش بکات، تاکو شـــەش مانـــگ زیاتر نییە، ئیتر ژن و مێردێك تەنیا لەیەکتر تێگەیشـــتنیان بۆ دەمێنێتەوە، بۆیە ئەگەر بێت و سەیری هاوسەرگیری دەرەوە بکەین ســـەرەتا کوڕ و کچەکە تا ماوەیەکی باش یەکتر دەناســـن، ئینجا خێزان دروســـت دەکەن، دوای پێـــك هێنانی خێزانیش ئـــەو ژن و پیاوە توڕە بوون و زویر بوونیان زۆر بەلاوە کەمە، لەبەر ئەوەی پیاوەکـــە دەتوانـــێ دلّی ژنەکـــەی ڕابگرێت وەکو هاوڕێیەك سەیری بکات و وەکو ئەوەی ژن زۆر حەز دەکات مێردەکەی بەو جۆرە ســـەیری بکات و دلّی ڕابگرێت و گرینگی پێبدات، هەروەها پێویستە ژنان هەولّبدەن لە هەموو ڕووییەکەوە بەدلّی مێردەکانیان بن و بەردەوام لە ناو خەلّك شانازی بە مێردیانەوە بکـــەن، بـــۆ ئەوەی ئەو پیـــاوە دلّنیا بێت لـــەوەی کە ژنەکەی خۆشی دەوێـــت وئەمـــە وای لێـــدەکات خێـــزان رۆژ بـــەرۆژ بناغەکـــەی بەهێـــز تربێت»

ئەو توێـــژەرە باس لـــەوە دەکات کە ئافرەتێك لەناو کومەلّگا گرینگی بـــە پـــاك و خاوینـــی و جوانی مێردەکەی خۆی و دەوربەرەکەی بدات و لەقسەکردندا ئارام و نەرم بێـــت و خۆی دوور بگرێت لە هاوار و یـــان پێکەنین و گالّتەو گەپ بە دەنگێکی گەورە، ئەمانە هەمووی وادەکات ژن بەلای پیاوەوە جوان و سەرنج ڕاکێش و خۆشەویست دەربکەوێت»

خۆشەوێســـتی تێکەلّ بوونـــە بەدەروونی مرۆڤەوە، لەســـەر ژن و پیاو پێویســـتە ئەو لایەنە دەروونیەی یەکترییان بیرنەچێت دوای ئەوەی کەتەمەنێك پێکەوە ژیان بەســـەر دەبن و ئەو خۆشەویســـتیە لە هەست و ســـۆزی دەروونیان زیاتر بکەن، توێژەری دەروونی کارمەند عەزیز دەلّێت»بەڕاســـتی پێویستە ئافرەت هەســـت بەوە بکات کە دلّی مێردەکەی پێویســـتی بەچییە، بـــۆ نموونە خۆ جوانکردنـــی ئافرەت کە بەردەوام کاریگەری لەسەر دەروونی پیاوەکەی دەبێت، بەلّکو بە پێچەوانەوەش دەبێت پیاو ئەو لایەنەی لەیاد نەچێت کە ڕۆژ بەڕۆژ خۆشەویســـتی ژنەکەی لە دلّییدا بەهێز دەبێت، ئێمە باســـی خۆ جوانکردنمان کرد لە زیادکردنی ڕێژەی خۆشەویســـتیدا ڕۆلّێکی بەرچـــاوی هەیە، چونکە هەســـتەکانی مرۆڤ بە چەند شـــتێك دەورژێن و یەکێك لەو شـــتانەش کە توانای کە توانای دروستکردنی ئەو کاریگەرییەی هەیە بەشێوەیکی زۆر ســـیما و ڕوخسارە، تەنانەت زۆرجـــار گرینگی نـــەدان بەخود چ لـــەلای پیاو بێـــت یان ئافرەت وادەکات کە ئەو کەســـە کاریگەر بێت بەکەســـانی ترو بەمەش ســـەرەتایەك دەبێت بۆ خیانەتکردن».



ئا: سانە

# گەشتەکەی ژیار بەرەو کەنارەکانی ئیسپانیا

**کەڵکەڵەی بیری چوونە هەندەران**

دوای ئـەوەی ژیـاری تەمەن نۆزدە سـاڵان ماوەی چوارسـاڵ گیرۆدەی حەکایەتە سەیرو سـەمەرەکانی گەنجانـی ئەوروپایی بوو، بۆ دواجار بڕیاری چوونە هەندەرانی دا، هەمیشە بەخـۆی دەوت چارەنووسـی منیـش بەویێ بەستراوەتەوە، تاکەینێ بەسەر شانی ئەو باوکە قوڕبەسـەرەمەوە بارگرانی بم کە بە کرێکاری منێکی دەسەپاچەی بێکاریش دەژیێنێت، ژیار هەڵوەدای ئەو بەهەشتی سـەرزەمینە بوو کە دیمەنەکانی لە کەناڵەئاسـمانییەکانەوە سەیڤی خانەکانی مێشـکی خـۆی کردبوو، یەکەمین شەوی وەرزی پایزبوو باوکی پێی وت بۆچوونە خاریج چاوەڕێی خانوو فرۆشـتنم لێ نەکەیت، ئەمیش پێی وتبوو بابە خۆ من هەموو ژیانم لە ژێرزەمینەکەی ماڵەوە بە بێ پارەو پول بردە سەر تـۆ بەس پارەی ڕێگەی چوونە ئیماراتم بدێ، ئەکرەمی کوڕەخاڵم ڕازی بووە لە کۆمپانیاکەی خۆیانـەوە ڤیزاو مۆڵەتـی کارکردنم لەوێ بۆ دابیـن بکات، لەوێوە پارەیـەك پێکەوە دەنێم و ڕوو دەکەمـە ئەو کیشـوەرەی خەونی هەموو تەمەنمە، ئەکرەم لەگەڵ بازرگانە ئەڵمانیەکان بەینی باشەو زۆریان دەناسێت، بەشکم لە ڕێی ئەوانەوە شتێکم بۆ دەکات.!!

ئیتر لە دوبەی بۆ ماوەی هەشت مانگ کەوتە ناو کرێکارە هەیکەل زلە شان پانە ئەفغانیەکان کە ئامادەبوون بۆ دوو ژەمی خواردن لە بەیانی تا ئێوارە کۆڵکێشـی بکەن، زۆربەی نیوەڕوانان ژیار سـەری خۆی لە ناو دەستەکانیدا دادەناو هـەر بە چیچکانەوە خەوی لـێ دەکەوت، تا نیوەڕۆیەکیان لەپە دەسـتێکی زبری هیندییەك کە سەرکاریان بوو وەئاگای هێنایەوەو پێی وت هنا هۆتیل نی، نوم نی، شـوغل شـوغلها، انت تاقەت نی، انت روح لی کردسـتان، ئیتر چەند مانگێکـی تریشـی لە دوبەی ڕاکێشا، کە وەك بازاڕێکی بە فرت و فێڵ وابوو، هەستی دەکرد کەس لەگەڵیدا ڕاسـت نییە، هەر لەسەر ئەو نەخشـەیەی خۆی سوور بوو کە بۆ چوونە ئەوروپا کێشابووی.

**پێوەندی کردن بە قاچاغچییەکی مەغریبی**

ئەکـرەم دەیزانی ژیار کوێی دێشـێت، بە دڵ تەنگییەکەی نیگەران ببوو، بۆیە پێوەندی کرد بە قاچاغچییەکی مەغریبی برادەرییەوە تا بە ناوی گەشـتوگوزارەوە ژیار داوەتی مەغریب بکات و بەشـکم بە ڕێی دەریای ناوەڕاستەوە بە کەنارەکانی ئیسپانیای بگەیەنێت، ئەم هەڵوێستت جوامێرانەیەی کـوڕە خاڵەکەی وەك بارانی نوور دەهاتە پێش چاوی کە لە بیاباندا بەسەریدا دادەکا، دوای چەند ڕۆژێك لە مەغریب خۆی بینییەوە، هەمووی هەفتەیەکی نەبرد ئەم و حەوت نەفەری تریان لەبەلەمێکی بچکۆلانە کردن و بە پشـتی دوورگەی لیلیانەوە بە ڕێیان خسـتن، بێ ئاگا لـەوەی چەند ڕۆژێك بـوو ناکۆکییەکەی نێوان ئیسـپانیاو مەغریب لەسەر ئەو دوورگەیە تاوی سەندبوو، بۆیە کەوتنە بۆسەی پۆلیسی دەریاوانی مەغریبی و بەر لە گرتنیان ئەم پاسـپۆرتەکەی دا بە دەم شـەپۆلی دەریـاوە چونکە ئەکرەمیش سەرەڕای چاکە وەك کەفیلی ژیار ڕەنگە دوچاری گرفت بوایە، ئەوانەی لە بەلەمەکەدا بوون ئێرانی دەرچووبوون بەر لەوەی چینێکی چاکیان لە لێدان بەر بکەوێت خۆیان ناسـاندبوو کە لە شـیرازەوە هاتبوون بە ڕێی مەغریبەوە، بچنە ئەوروپا بەڵام ژیار لە ترسی ئەوەی بۆ شارۆچکەی خانەقینی نەنێرنەوە، خۆی بە لاڵی نیشان دابوون، دوو ڕۆژ فەلاقەیان کردبو لە قیژاندن زیاتر پیتێك لە زاری نەکەوتبـوە خوارەوە، تا ئەفسـەرێکی پلەداریان هاتبوو وتبووی ئنتە ئیسـرائیلی؟ پشـتە ملی ژیاری گرتبوو چەند جارێ بەتوندی ناوچەوانی کێشـابوو بە دیوارەکەداو تەپڵی سەری خڵتانی خوێـن کردبوو تا لە هۆش خۆی بردبوو، ژیار لە بیمارستانی مەراکش بەسەری بەستراوەوە چاوی هەڵهێناو پزیشکێکی عارەب بەسەرییەوە وەستابوو، پێـی وتبوو دەزانم تۆ لاڵ نیت ئەمانەی لە پێش دەرگای ژوورەکەتـن، ئەمنـی مەلەکین، تۆ لە پورتوگالی دەچیت، ژیار دەستی بە گریان کردو وتبووی من کوردی عیراقیم، نامەوێ تەسلیمی باڵیۆزخانەم بکەنەوە، دەمەوێ بچمە ئەوروپـا، دکتۆرەکـە بە ئاسـپایی پێی وتبوو یانی تۆ لەو قەومەدای کە مولا مسـتەفای بارزانییـان هەبوو، ژیار وتویەتی ئەوە ناوی ڕابەری ئێمە چۆن دەزانیت، پێی وتبوو مادام کوردیت من ئەو پەنجەرەیەت بۆ دەکەمەوەو ئەمنەکانیش بە قسـەوە خەریك دەکەم، تۆ دەرفەت وەربگـرەو هەڵبێ، ئەگەر گرتیانیتەوە باسـی ئەم گفتوگۆیەی نێوانمان لای کـەس نەکەیت، بـەو شـێوەیە ژیار لە بیمارستانەوە هەڵهاتبوو.

**دووبارە هەوڵدانەوە لە ڕێی دەریای ناوەڕاستەوە**

دوای دوو ڕۆژ خـۆی گەیاندبـووەوە لای قاچاغچییەکەو ئەویش هەندێ پارەی تری لە ئەکرەمەوە بۆ نێردرا تا ئەم جارەیان بە قەیاغێکی لاکێشـەییەوە تا کەنارەکانی نزیك ئیسـپانیا خۆی لەگەڵی بچێت، ئەو شـەوە هەوای دەریا زۆر سـارد بوو، تەقوو تۆقێکـی هاتبووە بەر گوێ، جلەکانی پـێ داکەندبوو بە مەلەوانی ناردبوویە نزیك ڕەبیەیەکی تایبەت بە پۆلیسی ئیسـپانی، گریان ئەوکی گرتبوو کە هاواری بۆ قاچاغیەکە کردبوو سـوپاس شوکرەن،ژیار لە پەنا دارێکدا ڕاکشـابوو کە بەیانی زوو بەر لە شـەبەق دوو پۆلیسی ئیسپانی بە تفەنگی ئۆتۆماتیکییەوە گەیشـتبوونە سـەری، ئەم بـە ئاگا هاتبوو ئەوەی لـە یاد کردبوو کە لە خاکی ئەورپادایە؛ بە خەیاڵی خۆی پۆلیسـە مەغریبیەکانی هاتبـووە بەرچاو، هاواری لێ کردبوون نا نا لێم مەدەن، بەڵام پۆلیسێکیان لە قەمسەڵەکەی خۆیەوە پێچابووی، کە بردبوویانە ژووری پاسـەوانەکانیش هەنـدێ خواردنیان پێدابوو، سەریشـیان بۆ تەداوی کردبوو، ئینجا ئەفسەرێکی ئیسپانی بە ئینگلیزی پێی وتبوو بـەر لەوەی بتنێرین بۆ دەزگای کۆچبەران، لە ئیسپانیا کەس دەناسی؟

ژیاریش پێی وتبـوون بەڵێ ئەحمەدی مەلا، شیعرەکانیتان نەخوێندۆتەوە..

کاتێ بەسەرسوڕمانەوە لە یەکترییان ڕوانیبوو، ئینجـا دووبارە وتبووی ئەی ئێوە لۆرکاو کافکا ناناسن؟؟



# یاسای توندوتیژی خێزانی لەبەرانبەر فرەڕاوبۆچوونی جیاوازدا..

ئامادەکردنی /دیار سالار

**وشەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کە لەم دواییەدا بۆ بەرگری کردن لە مێینەو منداڵان کرایە جێی باس و خواسی هەموو کەناڵ و ناوەندەکانی ماسمیدیای کوردی، واقیعی ئێستای جیهان و عێراقی هێنایەوە پێش چاوی شرۆڤەکاران.**

**بۆیە وا پێویست دەکات وەك دیاردەیەکی جیهانی بەربڵاو، توندوتیژی بخوێنرێتەوەو وا لۆژیکانەتریشە سەرەتا؛ بونیادو پاڵنەروناوەڕۆکی توندوتیژی دەستنیشان بکرێت و شرۆڤەکاری زیاتری بۆ ئەنجام بدرێت، دواتریش لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەی بخرێتەڕوو..**

یاسای توندوتیژی یەکێك بوو لەو یاسایانەی کە لەدوای مشتومڕێکی زۆرەوە پەرلەمانی کوردستان پەسندی کردووە، لەدوای دەرچوونی ئەم یاسایەشەوە چەندین دەرەنجامی جیاواز و کۆمەڵێك نارەزایی و گلەیی و رەخنەی لێرەو لەوێ لێکەوتەوە، ئەوەی گرنگە بۆ گۆڤارەکەمان، خوێنەران بزانن تاچەند ئەم یاسایە دەتوانێت سنوورێك بۆ توندوتیژی خێزانی دابنێت، ئایا ئەم یاسایە بەشێوەیەکی کۆتایی و یەکلاکەرەوە دەتوانێت ببێتە ڕێگرێك لەبەردەم دیاردەی توندوتیژی خێزانی لە کوردستاندا.؟

## یاسا دەتوانێت ڕێگر بێت لە توندوتیژی

پارێزەر روناك عومەر ئاماژەی بەوەدا کە تاکە ڕێگە بۆ بنبەستکردن و کەمکردنەوەی توندوتیژی تەنیا یاسایە، چونکە وەك هەموومان دەزانین تا ئەمڕۆ نەتوانراوە ئەم هەنگاوە بەشێوەیەکی پراکتیکی لەبارەی ئەم دیاردەیە بنرێت، لەبەر ئەوە پێویستمان بەیاسایەکە بتوانێت ئەم دیاردەیە بەتەواوەتی بنەبڕ بکات، ئەو پارێزەرە سەبارەت بەم پرسە گرنگە دەڵێت» بێگومان تا ئەم یاسایە بەشێوەیەکی پراکتیکی نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ناتوانین بڕیاری کۆتایی لەسەر بدەین، ئایا ئەم یاسایە تاچەند توانیویەتی کۆتایی بەکێشە کۆمەڵایەتی و نالەبارەکان بهێنێت، بەڵام لەکۆتاییدا هیوادارم تاڕاددەیەك توندوتیژی کەم بکاتەوە..

## یاسای مۆدێرن بۆ هەرکۆمەڵگەیەکی نەریتخواز، گرفتی بۆ دروست دەبێت

دەربارەی ئەوەی ئایا یاسایەکی بەم شێوەیە دەتوانێت لەکۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردەواریدا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، شنۆ عیزەدینی توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت» هەموو کۆمەڵگەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە کەلە کۆمەڵگەیەکی تر جیای دەکاتەوە، بێگومان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە یاسایەکی لەو جۆرە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، کێشەی زۆر دروست دەکات، چونکە ئێمە کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتین و ناکرێت هەندێك یاسای کۆپیکراوی رۆژئاوا وەك خۆی بهێنین و لەناو کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتیدا بیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە».سەبارەت بەوەی کە چۆن و لەچ کاتێکدا پێویستمان بەم یاسایە دەبێت، شنۆ دەڵی » ئەگەربێت و شارەزایان و پسپۆرانی کۆمەڵایەتی بە ڕۆشنبیرکردن و هوشیارکردنەوەی تاکەکانەوە بتوانن هەموو کۆمەڵگە لەکێشەکان ڕزگار بکەن، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین یاساکە دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت».

## مامەڵەکردنی سۆسیۆلۆژیانە لەگەڵ داڕشتنی یاساکاندا

هەر لەم بارەیەوە چالاکوان بێریڤان خدر مەولود کە بەرپرسی ئەنجومەنی ناوەندی قەزای هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەو وەك شارەزایەکی کۆمەڵایەتی باس لەوە دەکات کە پێویست بوو سەرجەم رێکخراو و سەنتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕای خۆیان لەسەر یاسایەکە بدایە بەر لەپەسەندکردنی، بە بەشداری کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانرا یاسایەکە دەوڵەمەند بکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە پێویستە هەموو یاسایەك بەر لە داڕشتنی بەشێوەیەکی سۆسیۆلۆژیانەو زانستیانە زەمینەسازی بۆ بکرێت، واتا دەبێت بەرێگەیەکی سۆسیۆلۆژیانە کارێکی وەها بکرێت تێڕوانینێکی پۆزەتیڤانە بۆ یاسایەکە دروست بکرێت، تا هەموو تاکێك بەشێوەیەکی ئیجابی تەماشای یاساکان بکات، واتا بەر لە هەموو شتێك دەبێت کار لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگە بکەین بۆئەوەی بتوانین لە چواچێوەی بە رۆشنبیرکردنەوە ڕێگەچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکەین، بەجۆرێك هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەر لەپیاوانەوە تا ژنان و منداڵانیش لەیاساکان شارەزابن و بزانن مافەکانیان چۆنە، ئەو کات دەتوانین بڵێین یاساکە تاچەند سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت» سەبارەت بەسەرکەوتن و جێبەجێکردنی یاساکە بێریڤان لە درێژەی قسەکانیدا وتی «بێگومان سەرکەوتنی یاساکە بەجۆرێك دەبێت کەهەموو تاکێك بتوانێت لەناوەڕۆکی یاساکە تێبگات، بەشێوەیەك هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بەرژەوەندیەکانیان لەناو یاساکەدا بدۆزنەوەو بزانن تا چەند مافەکانیان پارێزراوە».



دواتر سەبارەت بەوەی کە کێ دەتوانێت لەنەهێشتنی توندوتیژیدا ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت بێریڤان دەڵێت»بێگومان مامۆستایانی ئایینی دەتوانن لەبەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا ڕۆڵێکی کارا بگێڕن ئەمەش بەوەی لەرێگەی وتارەکانیانەوە هانی تاکەکان بدەن بۆ ئەوەی واز لەکاری ناپەسەندو نابەجێ بهێنن و توندوتیژی بۆ چارەی کێشەکانیان بەکار نەهێنن..

## کاتێك توندوتیژی دەبێتە کەلتوور

سەبارەت بەداڕشتنی یاساکەش هاژە سلێمان کەجێگری سەرۆکی لیژنەی بەرگرییە لەمافی ئافرەت لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت» داڕشتنی یاساکە دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژەیاسایەك کە ژمارەیەك چالاکوان و ڕێکخراوێکی مەدەنی پێشکەشی لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەتیان کرد ئەمەش لەخولی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا، بەڵام بەهۆی کەمی کاتەوە نەتوانرا پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت، لە خولی سێیەم پرۆژەیاسایەك بەناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لەهەرێمی کوردستان دوای مشتومڕێکی زۆر لەنێوان پسپۆراندا و لە گشت بوارەکانەوە بەتایبەتی لەبواری یاسایی و مافی مرۆڤەوە تاوتوێ کرایەوەو داڕێژرایەوەو پێشکەش بەسەرۆکایەتی پەرلەمان کرا. دەربارەی کامڵبوونی پرۆژەکە لەڕووی یاساییەوە هاژە دەڵێت»دوای پێشکەشکردنی پرۆژەکەو ڕاوێژکردن بەکەسانی مافپەروەرو یاساناس، دوو کۆنفرانس لەپەرلەمانی کوردستان بەستراون، یەکیان لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بۆتاوتوێکردنی پرۆژەکە تا لەڕووی دەستوورییەوە کێشەی نەیەتە ڕێ، هەروەها کۆنفراسێکیش لەلایەن لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت لەپەرلەمانی کوردستانەوە بەسترا، بێگومان چەندین جاریش خوێندنەوە بۆیاسایەکە کرا، دواتر لە رۆژی ٢١-٦-٢٠١١ بەشێوەیەکی فەرمی یاساکە پەسەندکراوە، پەسەند کردنی یاسایەکی لەم شێوەیە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە زۆر گرنگە، چونکە کۆمەڵگەکەمان کۆمەڵگەیەکی نەریتیخوازو کەلتوورییەو پابەندە بەکۆمەڵێك دابونەریتەوە کە کردویەتیە کۆمەڵگەیەکی پیاو سالاری، ئەمە بێجگە لەوەی کە توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە کەلتوورێك و دیاردەیەك زۆربەی تاکەکان لەئێستاو ڕابردوودا تووندتیژی خێزانییان لە بەرانبەر ئەنجامدراوە، بەڵام بەجێبەجێکردنی ئەم یاسایە، دەتوانین ڕێگە لەبەکارهێنانی توندوتیژی بگرین، بەتایبەتی ئەم یاسایە لەنزیکترین کاتدا، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوەو پێویستە لە هەموو دادگاکاندا کاری پێبکرێت»